بێجگە لە گوتەی تاراوگە، هەر بابەت و نوسین و هەوڵێک بڵاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها خستنە رووی هەواڵ و زانیاری کوردانی تاراوگەنشینە..

# تاراوگە

TARAWGA
سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam
Holland

15 Juli. 2018
Viber&WhatsApp:+3164950807
15 تەموزی 2018 ساڵی یەکەم 4 ژمارە Email: sardarfatah@live.nl

## کوردو مۆندیال ئایا کورد لە کوێی یارییەکانی جامی جیهانیدایە..؟
## بابەتێکی سۆران حەمە ڕەش لەسەر کورد و کرواتییەکان بخوێنەوە ل 3 و 4

### سەروتاری تاراوگە

وا ژمارەیەکی دیکەی تاراوگەمان بە شێوە تەقلیدی و مۆنتاجە سەرەتاییەکەی ژمارەکانی پێشووەوە، خستە بەردەستی ئێوەی ئازیز.. هەرچەندە گفتمان پێدرابوو، لە لایەن هەندێ ئازیزی خۆبەخشەوە، کە ئەم گرفتەمان بۆ چارەسەر بکەن، ئەزانین لە زۆر لاوە ڕەخنە و گلەیی دۆستانەمان لێ ئەکرێت، کە بەو فۆرمە کۆنەوە دەستبەرداری دەرکردنی تاراوگە ببینەوە، بەڵام عەشقمان بۆ ڕۆژنامەگەری کوردیی لە تاراوگە، زیاتر هانمان ئەدا بەردەوام بین، بەڵام نازانم تا کوێ ئەتوانین ئەم بەردەوامییە درێژە پێبدەین..؟ لە ئێستادا ئەم مەسەلەیە زۆر زەحمەت نییە و ئەتوانرێت چارەسەر بکرێت، بەڵام ئیمکانیاتی دارایی و هونەری ڕێگریکی سەرەکین، هەروەها ناردنی نوسینیش لە لایەن نوسەرانی کوردەوە، دەستی پێوەگیراوە و ئەوی خۆمان لەملاولا بەدوایدا نەگەڕێین، نەمانتوانیوە وا لە نوسەران بکەین ئاورمان لێ بدەنەوە. بۆیە جارێکی دیکە ڕوو لە هەموو نوسەران و هونەرمەندانی کوردی تاراوگە ئەکەین، هەواڵ و نوسین و بابەتە ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری و تیۆرییەکانی خۆیان بێبەشمان نەکەن، نەنگییە تا ئێستا ئەو ژمارە زۆرەی کورد لە هەندەران کۆبوونەتەوە بە هەموو کونجێکی دنیادا، کەچی نەمانتوانیوە، بە زمانی شیرینی کوردیی بڵاوکراوەیەکی بەردەوام دەربکەین، لە کاتێکدا یەکەم ڕۆژنامەی کوردی "کوردستان" لە ساڵی ١٨٩٨ لە دەرەوەی کوردستان لەدایک بووە. هەرچەندە لە پاش ئەو ماوە زۆرە پچڕپچڕ لەملاولەولا گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی تەمەن کورت لەدایک بوون بەڵام هەرزوو جوانەمەرگ بوون، ئێستەش لەم سەردەمی جیهانگیری و شۆڕشی ئەلەکترۆنیەدا، ڕۆژنامەگەری زەحمەتتر بووە لە جاران، کۆچبەرانی کوردیش نەیانتوانیووە بوونی خۆیان وەک کۆچبەرانی (جالیە)، گەلانی دیکەی دنیا بسەلمێنن، ئەم بابەتە لێدوانی زیاتر هەڵئەگرێت.

## سەنتەری ئەرشیف ولێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری کوردستان و ساڵیادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە هانۆڤەر

نوسینی: ئیسماعیل تەنیا- هانۆڤەر

لە ژمارەی پێشووی تاراوگەدا لەگەڵ دوو وێنەدا هەواڵی بەشێکی ئەم چالاکیەمان لە لایەن کاک مزەفەر عەزیزەوە بڵاوکردەوە، ئێستاش لەم کورتە نوسینەی کاک ئیسماعیل تەنیا ئاماژە بە سەرجەمی بابەتەکانی ناو دوو پانێلە ئەدەین.

دوای ماوەیەک دابڕان، (مۆزەخانەی ئەرشیف و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی) لە هانۆڤەر، کەمێک بە درەنگەوە ڕۆژی ٢٠١٨/٦/١٧،(١٢٠)ەمین ساڵیادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی پیرۆز کرد.

یادەکە، لە هۆڵی ( پاڤیلۆن ) بەڕێوە چوو، کە نزیکەی سێ کاتژمێری خایاند و خۆی لە دوو پانێلدا دەبینییەوە:

* پانێلی یەکەم: چەند بابەتێک لەسەر ڕەوش و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە لەلایەن ئەم ڕۆژنامەنووسانەوە پێشکەش کران:

– لوقمان بەرزنجی: ڕاگەیاندنی کوردی لەپاش سەرهەڵدانی ساڵی ١٩٩١.

– ئیسماعیل تەنیا: بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە دەڤەری بادینان (١٩٧٥– ١٩٩٣).

– ستیڤان شەمزینی: ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە ئەزموونی خۆمدا.

– حەمید بەدرخان : ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی کوردستان و ئازادی ڕادەربڕین و مافی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان.

– جەمال خەزنەدار: گۆڤاری دەفتەری کوردەواری لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

* پانێلی دووەم: بریتی بوو لە خوێندنەوەی چەند شیعرێک لەلایەن شاعیران: ( خالید شەیدا، چیمەن حاجی موراد، ژوان سورچی، ستیڤان شەمزینی).

شایانی ئاماژە پێکردنە کە کۆڕەکە لەلایەن (جەمال خەزنەدار)، سەرۆکی مۆزەخانەی ئەرشیف و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، بەڕێوە دەچوو.

# بۆ یەکەمجار کوردێک بەشێوەزاری خۆی لە شانۆگەرییەکی ئەڵمانیدا رۆڵ دەبینێت!



بۆ یەکەمجار کوردێک بەشێوەزاری خۆی لە شانۆگەرییەکی ئەڵمانیدا رۆڵ دەبینێت! کافکا– کۆشک، دادگا، بەدگۆڕان سێ رۆمانی "فرانز کافکا"ن، لەیەک شانۆگەریدا، ئامادەکردنی: باربارا ڤێندلاند دەرهێنانی: تیلمان گێرش....



ئەم نمایشە لەسەر شانۆی پفالتزباو لە "لودڤیگس هافن" لە ئەڵمانیا، رۆژی ٢٦–٥–٢٠١٨ کراوەو لە 26 و27ی سیبتێمبری داهاتووش جارێکیدی پێشکەشدەکرێتەوە لەم شانۆگەرییەدا ٢١ بیست و یەک ئەکتەر لە تەمەنی نێوان " ١٣ – ٦٩" ساڵی تێیدابەشدارن،شانۆگەرییەکە بەئەڵمانی و بەزمانی کۆچبەرانیشەوە تێکرا هەشت زمان و شێوەزاری جیاوازی تێدا دەبیسترێت،ئەوانیش بریتین لە:(کوردی سۆرانی، تورکی ، فارسی،کوردی زازاکی، عەرەبی، ئۆکرانی)،بەڵام زمانی سەرەکی شانۆگەرییەکە ئەڵمانیە بوو،شیاوی باسە ئەمە یەکەمجارە کوردێکی باشوور بەشێوەزاری سۆرانی لەشانۆگەرییەکی ئەڵمانی و لەیەکێک لەدە گەورەترین شانۆی ئەو وڵاتە پشکدارە،ئەویش وەک لەوێنەکاندا دەردەکوێت هونەرمەند"یوسف مەنتک"ە ئەمە لەلایەن جەماوەری شانۆوە بەگەرمی پێشوازیی لێکراو زیاتر لە سێسەد بینەر ئامادەبوون،لە کۆتاییشدا ئاهەنگێک بۆ ستافی شانۆکە بە بەشداری میوانان سازکرا.

"مزەفەر عەزیز"

هەر جارەی جوامێرێک

## بەكــر شــوانی



بەکر شوانی، کوردێکی دڵسۆز و نیشتیمانپەروەرێکی بێ وێنەیە، کەسێکی روناکبیرو چالاک وکارای ناوەوەندی کوردی ئەڵمانیا ونێوەندی رۆشنبیری کوردیە، ماوەی ٢٣ ساڵە لەئەڵمانیاو لەشاری کۆڵن دەژی، وەرگێرێکی دیاری ناودونیای ئەدەب وهونەرە، زمانێکی پاراوی کوردی دەزانێ وپەیوەندیشی لەگەڵ نوسەرو ئەدیبانی کوردو تورک پتەوە، کەسێکی خۆشەویستە وحەزی بە یارمەتی وبەتەنگەوەهاتنی خەڵکە ...

شوانی لەساڵی ١٩٦٨ لەچەمچەماڵ لە دایکبووە، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەو شارە تەواو کردووە، لە ١٩٨٧ کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی بەغداد خوێندنی تەواوکردووە، لە هەشتاکانەوە لە رێی تیپی نواندنی چەمچەماڵ و دواتر لەناو کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد، لقی چەمچەماڵدا، لە بزووتنەوەی هونەریی و کولتووریدا بەشداری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٥ هاتۆتە ئەڵمانیا و لە بواری میدیا و رۆژنامەگەری و وەرگێراندا درێژە بەکاری روناکبیری دەدات، بە دەیان گوتاری لە زمانەکانی تورکی و ئەڵمانییەوە وەرگێراوە و چەند کتێبێکیشی هەر لەزمانی تورکیەوە وەرگێراوەتە سەرزمانی کوردی لەوانە:

–رۆمانی بەفر، ئۆرهان پاموک – ٢٠٠٧

–رۆمانی قەڵای سپی، ئۆرهان پاموک ٢٠٠٨ –

رۆمانی من ناوم سورە، ئۆرهان پاموک ٢٠٠٨

– رۆمانی مۆزەخانەی پاکیزەیی، ئۆرهان پاموک ٢٠١٠


– شانۆنامەی هەرەسی بەفر ، تونجەر جوجەن ئۆغلۆ ٢٠١٠

– تورک لە بولگارستان و کورد لە تورکیا، عەزیز نەسین ٢٠١٠ . جگە لەدەیان و سەدان بابەت و گوتار لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکاندا. هیوای لەش ساغی وتەمەن درێژی بۆ ئەو کوردە دڵسۆزە دەخوازین...

لە فیسبوکی کاک بەکر و (کورد لە ئەڵمان)ەوە
https://www.facebook.com/Bekir.Shwani

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و رەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هونەری بڵاوئەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاوئەکرێتەوە.

# یاداشتە پەڕاگەندەکان



سەردار مەحمو

١ –ئەسینا...

سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٩٧، پاش ڕێکردنی "بیست و پێنج شەو" ی بێ برانەوە، دواجار لە درەنگانێکی شەودا، گەیشینە ئەسینای پایتەختی وڵاتی یۆنان.

لێرەوە ئیتر ترسی سنورداش، شەقشەقێن، گەڕاندنەوە، خەتەریاتی ڕێگا بەسەر چوو بوو... هەر کە گەشتینە شوقەیەک، یەکسەر لێی نوستین و بەیانی من و (مەمەدە لەنگ) خەبەرمان بووەوە و نان و چایەکی هاکەزایمان خوارد، سەعات دەوروبەری دەی بەیانی بەرێکەوتین بۆ بازاڕ، بەو ئومێدەی کە هەم دەرەوە ببینین و هەم منیش، چەکە کەوشێک، یان لانی کەم جووتێک نەعل، دەم پاییەک بکرم کە زۆر هەرزان بێت! چونکە ڕێگای بێ برانەوە، هیچ کەوشێکی بە پێمەوە نەهێشتبوو، ئەوی هەمبوو بە تەل سەر و بنیم بە پێمەوە ئاڵاندبوو. خراپ نیە ئەوەش بزانی، کورد و گەلانی تریش، دیارە کاتی خۆی کە، چەرمێک یان هەر شتێکیان لە پێ ئاڵاندوە بۆیە پێیدەڵێن: لە پێ ئاڵاو – پێ ئاڵاو – پێڵاو! یان شتێکیان لەسەر ئاڵاندوە بۆیە گوتویانە: کەلە ئاڵاو – کەلاَو – کڵاو. سەرتان نەیەشێنم. من ئەودەم گەنج بووم حاڵەتی ئاسایم شەست و چوار کیلۆ یان زیاتر بووم. لەو سەفەرەدا ببوم بە ٥٤ کیلۆ... من تەنها ٥٠٠٠ دراخمام پێ مابوو، دراخما پارەی ئەوسای یۆنان بوو، کە وشەی درهەمی عەرەبی لەوەوە هاتبوو. ئەو پارەیە زۆر کەم بوو، کەمتر لە ڕۆژانەی کرێکارێک، بەڵام ڕاستە دەڵێن سەری بێ ڕزق لە خاکدایە. ڕەنگە بڕوا نەکەیت، بەدەم ڕێگاوە بەرەو ئامۆنیای سەنتەر دەچوین، پیکابێکی گەورە کە کارتۆنە شتی تیابوو، کە دواتر زانیمان کێشی سوک بوو، لە وێندەر وەستابوو، کابرایەک ئێمەی بینی گوتی: دەتوانن ئەم پیکابەم بۆدابگرن...بەڵی بەسەر چاو. چەندمان دەدەیتێ؟

+یەکی چوار هەزار دراخما.

یارەب شوکور... ئەمە چ فریشتەیەک بوو بەم چێشتەنگاوە درەنگە هاتۆتە سەر ڕێگامان ؟!

ملمان لە بارنا، بیرم نایە چەند، بەڵام هێندەی پێنەچوو بارمان داگرت.

کابرا– کە بڕیار بوو یەکی چوار هەزار دراخمامان بداتێ ، یەکی هەشت هەزاری پێداین.

لە خۆشیدا خەنی بوین، من ئیستا ئیتر خاوەنی سیازدە هەزار دراخمام، هەم نانی باش دەکات و هەم دەشوێرم سەوای پێڵاوێکی هاکەزایی بکەم. ئیتر حەمە قەدۆی موسڵم بە نۆکەر نەدەگرت!

چەند سەد مەترێکمان بڕی، خودایە ئەوە چی یە ؟!

+ چاوم ڕەشکەو پێشکە دەکات یان موجیزە ڕوو دەدات.

جوتێک پۆتینی زەردی پێشمەرگانەی جاران دانراوە، یەک جاریش هیچ پێیەکی تێنەکراوە بەڵام سێ عەیبی هەیە.

من ژمارە چل لە پێ دەکەم ، ئەمە سێ و هەشت یان سی و نۆ بوو. هیچ تاکێکیان قەیتانی پێوە نەبوو. یەک تاک لە پێڵاوەکانیش دیارە لە کارگە سیکۆتین بەر یەک لای نەکەوتبوو، هەر بەو تازەییە نەک بەری دابوو بگرە قەت هەر پێکەوەنەنوسابوون...

پێڵاوم هەڵگرت و لەگەڵ (مەمەدە لەنگ) بردمانە کن دوکانی پینەچی و ڕێکەوتین بە هەزار دراخما چاکی کاتەوە، دوایی کە چوین هێنامانەوە ، گوتم: مەمەدە دەبێت قەیتانیش بکرم.

مەمەد گوتی: قەیتانی ناوێ بابڕۆین.

گوتم: چۆنی ناوێت ؟!

مەمەد گوتی: مامە، قەیتانەکانی خۆی لای منە و جوتێک قەیتانی دایە دەستم گوتی بابڕۆین...

من پێشتر بیستبوم، مەمەد دزەم بەڵام هیچم لێ نەدیبوو.

زۆر تورە بووم گوتم: بیخەرە سەر مێزەکە و یەک دوو قسەشم پێ گوت...

مەمەد هیچ دەنگی نەکرد. کە دەنگی نەکرد، خۆ لەوە نەبوو لە من و باوکی منیش بترسێت. بەڵام مەمەد زۆر بە ئەدەب بوو. دوور بە دوور منی خۆش ویستبوو. لە ڕێگا کەمێک زیاتر منی ناسیبوو شەرمی دەکرد.

مەمەدە لەنگ قسەی نەکرد و گوتی: قەیچیکا مامە ئەوەتا پارەکەی بدە.

کابرا هیچ لە ئێمە تێنەگەیشت و قەیتانم خستە سەر مێز و گوتم:

+ ئەوەشمان بۆ حساب بکە...

مەمەدە لەنگ ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بەمن پێدەکەنی و ئەیگوت :

+ مامە، کەست دیوە لەم دنیایەدا قەیتان بکڕێت تۆ نەبێ ؟!

منیش تورە دەبووم و قسەم پێ دەگوت و دەمگوت: عەیب ناکەی دزی دەکەیت..

مەمەدە لەنگی، فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو.

دەیگوت: مامە من دزی ناکەم، دزی ئیشی پیاو نی یە، منیش هەر وەک تۆ شت دەکرم، بەڵام یەک فەرقمان هەیە. تۆ پارەکەی دەدەیت و من نایدەم... مەمەد بەسەرهاتی خۆشی زۆرن.

دواتر مەمەدە لەنگ بوو بوو بە یەک پارچە شەکر، کورە شەکری چی، دەڵێن ئیزرائیل مەلائیکەی مردنە و میکائیل هی ڕزق و ڕۆزی، بەڕاستی ئەو ڕۆژانە مەمەدە لەنگ، لەو هەوارەی ئێمەدا میکائیلی بە فەسڵ کردندا دابوو، ئەو ڕزقی ئێمەدی دەدا ...لە داهاتودا پێتان دەڵێم چۆن... یادت بە خێر مەمەدی شیرینی من ... ها ها ها ......


تێبینی/ ماوەیەکی زۆر پێیەکانم بە زۆر دەترنجاندە ئەو پێڵاوە بچوکانە و زۆر عەزیەتی دەدام.

بۆیە هەموو جارێک ئەو شیعرەم بیر دەهاتەوە وابزانم هی مەولەوی تاوگۆزیە دەفەرموێت:

بێ پاڵی خاسا تا پێڵاوی تەنگ

بێ یانەی خاسا تا یانەی وە جەنگ

# ئایا بۆ کرواتیەکان کە خەڵکانێکی ئەورووپین بنەچەی خۆیان بۆ کورد و کوردستان دەگەڕێننەوە؟



نووسینی: سۆران حەمەڕەش

وەک مێژوونووسوسێک، هەندێک بابەت لەسەر گەڕاندنەوەی نەتەوە و خەڵکی تر بەزۆر بۆ کورد، دەبنە مایەی بێزاری بۆم و پێم وایە زۆرینەی ئەو بابەتانە هیچ خزمەتێک بە مێژووی کورد و کوردستان ناگەیەنن. بەڵام لە حاڵەتی کرواتدا، ئەوە کورد نیە دەڵێت ئەوان بنەچەیەکی کوردی یان بە ناو ئێرانیان هەیە، بەڵکو کرواتەکانن کە سەرقاڵی ئەو بابەتەن. تەنانەت چەند ساڵێک لەمەوبەر کۆمەڵێک لە ئەندامانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕوویان کردبووە کرواتیا، لەوێ هەندێک لە کرواتیە دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتە پێیان گوتبوون کە ئەوان بنەچەیان کوردیە و لە کوردستانەوە ڕوویان کردۆتە ئەو ناوچەیە. ئەو بابەتە ئەو کاتە بۆ ماوەیەک لە میدیای کوردیدا باسکرا و زیاتر وەک قسە و قسەلۆک مامەڵەی لەگەڵدا کرا. لەو ساتەوە چەند جارێک ئەو پرسیارەم ئاڕاستە کراوە کە ئایا ئەو بۆچوونەی کرواتیەکان تا چ ڕادەیەک ڕاستیەکی مێژوویی لە پشتەوە هەیە؟

بۆ ئەوەی کە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە دەبێت بزانین کرواتەکان کێن و چۆن ئەو بۆچوونەیان لەلا گەڵاڵە بووە. کرواتیەکان خەڵکانێکن بە زمانی کرواتی قسە دەکەن. ئەو زمانە سەر بە لقی سلاڤیە کە لە خێزانی هیندۆئەورووپیە. ئەم لقە زمانی ڕوسی، بولگاری، پۆڵەندی، سربی، سلۆڤاکی و چەند زمانێکی تر دەگرێتەوە. وڵاتی کرواتەکان بە درێژایی مێژووی ئاینی کریستیانی، کەوتۆتە نێوان کێشمەکێشی مەزهەبی کاسۆلیکی و ئەرزۆزۆکسەوە، بەڵام لە ناو ئەو کێشمەکێشەدا ئەوان پەیڕەوی مەزهەبی کاسۆلیکی کریستیانی دەکەن سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێک لە نەتەوەکانی دەوروبەریان ئەرسۆزۆکسن بەتایبەت نەیارەکانیان کە سربەکانن. لە سەدەی نۆیەمی زایینیەوە دەسەڵاتی کرواتەکان لە وڵاتی کرواتیا دەرکەوتووە و هەندێک جار کاریگەری هەنگاریای دێرین و نەمسا و دواتر لە سەدەی پانزەیەمی زایینەوە کەوتوونەتە بەر هێرشی عوسمانیەکانەوە. بە تایبەت لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە کرواتیا بووەتە بەشێک لە یۆگۆسلاڤیا کە نەتەوەی سرب تێیدا دەسەڵاتدار بووە کەزمانەکەیان سەر بە لقی سلاڤەکانە. پێشتر لە سەدەی حەوتەمی زاینیەوە سلاڤەکان ڕوویان کردۆتە ناوچەی بەڵکان و کرواتیاش وەک بەشێک لە بەڵکان، کەوتۆتە بەر کۆچی مەزنی سلاڤەکان کە ئەمڕۆ خەڵکانی وەک سرب، بولگاری، سلۆڤینی، ماسیدۆنی... پێکهێناوە. وەک هەموو نەتەوەیەکی تر، کرواتەکان دەخوازن لە ڕێگای مێژووەوە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەستنیشان بکەن. لەو دەستنیشان کردنەدا زۆر جار لە ژێر کاریگەری هەوڵی خۆجوداکردنەوە لە نەتەوەکانی دەروبەر، بە تایبەت سربیەکان کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە باڵادەست بوون لە ناوچەکەدا، بۆچوونەکانیان دادەڕێژن. هەندێک لە لێکۆڵەرە کرواتەکان پێیان وایە کە ئەوان هەرچەندە زمانەکەیان ئەمڕۆ سلاڤیە، بەڵام لە بنەڕەتدا سلاڤی نەبووە و وورده وورده زمانەکەی خۆیان لەیاد کردووە و ئەمڕۆ بە سلاڤی قسە دەکەن،

بڕوانە ل ٤

## کوڕو کچێکی سیندرۆم داون
## لە لاهای هاوسەرگیریان کرد



عومەر ڕەسوڵ

لە کەناری ڕوبار لە سخیفنین لە شاری لاهای هۆڵەندا.





ڕۆبنی تەمەن ٣١ ساڵ و لیزای تەمەن ٣٠ ساڵ، بە ئامادەبوونی ٣٠٠ میوان لە کەسوکار و هاوڕێیانیان، هاوسەرگیریان کرد، لیزا ئەڵێت زۆر دڵخۆشم لە گەڵ ڕۆبن، ڕۆبن کەسێکی زۆر باشە، وای بۆ ئەچم ڕۆبن بۆ من دروست کرابێت و هاتبێتە دنیاوە، هەروەها لیزا ئەڵێت بۆ ماوەی دوو ساڵە یەکتر ئەناسین و بەیەکەوە ئەژین، بیرمانکردەوە هیچ ڕێگرییەک نیە لە بەردەماندا بۆ ئەوەی تاهەتا هەتایە، بە یەکەوە بژین، بۆیە بڕیاری هاوسەرگیریماندا، ژیان وەک کەسێکی سیندرۆم داون نابینین، وەک گرفتێک لە بەردەماندا ئێمەش ئەتوانین وەک کەسانی تر ژیان بەرینەسەر. هیوادارم لە کوردستانی منیشدا ئەم هەنگاوە ببێت بە هاندانێک بۆ ئەوەی ئەوانەی لە کۆمەڵدا پێیان ئەوترێت سیندرۆم داون(مەنگۆلی)، بتوانن لە نێوان خۆیاندا ژیانی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، بۆیە ڕووی دەمم ئەکەمە کۆمەڵەی ڕۆژ، چۆن لە هەموو کارەکانی دیکەیاندا هەنگاوی یەکەمی ناوە، هیوادارم بیر لەم کارەش بکەنەوە.

# پاشماوەی ئایا بۆ کرواتیەکان کە خەڵکانێکی ئەورووپین بنەچەی خۆیان بۆ کورد و کوردستان دەگەڕێننەوە؟

بەڵام خۆیان لە ناوچەکانی بەناو ئێران و کوردستانەوە هاتوونەتەوە ناوچەکە و زمانەکەیان لە بنەچەدا نزیک بووە لە زمانی ناوچەکانی کوردستان و ئێران.

ئەم بابەتە لە ناو کرواتەکاندا بابەتێکی دێرینە و پێشینەی هەیە. تیۆریەکە سەرەتا لە ساڵی ١٧٩٧ ز دا لە دکتۆرانامەی لێکۆڵەرێکی کرواتیدا دەرکەوتووە بە ناوی جۆزێپ میکۆسزی بلومێنسال. ئەو تێزە لە ژێر ناونیشانی "کرواتیەکان کە سەر بە گرووپی سلاڤین ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ سەرمەتیەکان کە لە بنەچەدا میدی بوون". ئەو لێکۆڵەرە دەیەوێت بڵێت کە کرواتەکان هەرچەندە سەر بە گرووپی سلاڤین بەڵام لە بنەچەدا لە سەرمەتیەکانەوە هاتوون کە ئەوانیش بنەچەیان میدی بووە. ئەوەی کە مایەی سەرنجە لە ساڵی ١٩١٨ وە و دوای دروستبوونی دەوڵەتی یۆگۆسلاڤیا، ئەو دکتۆرانامەیە لەناوبراوە. ئەمرۆ زۆر لە کرواتیەکان پێیان وایە کە ناسیۆناڵیستە سلاڤیەکان کە لە یۆگۆسلاڤیادا باڵادەست بوون، ئەوەیان کردووە بۆ بزرکردنی ئەو رابردووە مێژوویییەی کرواتیەکان. لە حەفتا ساڵی دەوڵەتی یۆگۆسلاڤیادا بە هیچ شێوەیک رێ بە نووسین سەبارەت تیۆری بنەچە کورد/ئێرانی/ئیندۆئێرانی کرواتەکان نەدراوە و خەڵک لەسەر نووسین لەسەر ئەو بابەتە زیندان کراون. کە ئەوە لە ناوبردنی دکتۆراکە دەخاتە جێی گومانەوە و پێدەچێت هەر کاری دەوڵەتی یۆگۆسلاڤیا بووبێت.

بەو جۆرە لەو ساتەوە ئەم تیۆریە لە ناو کرواتەکاندا باسکراوە و زۆر بە جدی وەردەگیراوە، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩١ و سەربەخۆیی ئەو وڵاتەوە، ئەو تیۆریە دەرفەتی بۆ کراوەتەوە و دیسانەوە بوژانەوەی بەخۆیەوە بینیوە و زیاتر کەوتۆتە ناو ناوەندە زانستیەکانەوە. لە ئەنجامدا هەندێک لە لێکۆڵەرە کرواتیەکان لێکۆڵینەوەی جدی نوێیان لەسەر ئەو بابەتە کردووە. لێکۆڵەرە کرواتیەکان چەندین نموونەی زمانەوانی دەهێننەوە کە زمانی رەسەنی کرواتی سلاڤی نەبووە و زیاتر لە زمانە بە ناو ئێرانیەکانەوە نزیک بووە.

هێندە ئەو بابەتە لەو وڵاتەدا گەرم بووە، بە جۆرێک ئەو لێکۆڵینەوانە کاریگەریان لەسەر خەڵکی ئاسایی کرواتی داناوە و خەڵکی ئاسایی زۆر جار دەڵێن کە ئێمە لە کوردستانەوە هاتووین وکوردستان بە شێوەی جیاواز باس دەکەن.

تەنانەت یەکێک لە گۆرانی بێژە هەرە بەناوبانگە کرواتیەکان بە ناوی دارکۆ رۆندیک، گۆرانیەکی بۆ کوردستان و کوردە ئاوارەکان گوتووە کە وڵات بەجێدەهێڵن. ئەمەی خوارەوە تەرجومەی شیعری گۆرانیەکە و لینکی ڤیدیۆیی گۆرانیەکەیە:

https://www.youtube.com/watch?time_continue=3&v=rPcGWx_jitc




لە کاتێکدا کە ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە
ئێمە لەسەر سەهۆڵێکی تەنک دەڕۆیشتین
هەریەکەمان هیوا لە چاوەکانماندا بوو
بەڵام تاریکیمان هەر وەک خۆی بوو
یارەکەم دوورە لێم لە ناو چیاکاندا
ئەو ڕێگایەی کە دەچێتە بەردەرگەکەی بە مین چێنراوە
دوای هەر بازگەیەکی سنوور لۆریەکانمان دەگۆڕی
پیاوە خراپەکان کە ڕێنمامان بوون
سەرقاڵی ژماردنی پارەکانیان بوون
ئێمە سەیرمان دەکردن کە ئەوان نانیان دەخوارد
ئێمەش پاشماوەکانمان بۆ جێدەهێڵرا
ئەو شتانەی کە لەوێدان پێم قبوڵ ناکرێن
ئەو ڕۆژە دێت کە دەگەڕێمەوە کوردستان
ملوانکەی مرواری بۆ گەردنە سپیەکەت دێنمەوە
دوو دەنکە مرواری ناوەڕاستی ملوانکەکە
ئەو دوانەیان من و تۆین .

https://www.youtube.com/watch?v=i57myBYitjM

تەنانەت گرووپێکی مۆسیقایی کرواتی گۆرانیەکی کوردی "خۆشە هەورامان" یان بە تەواوی وەک خۆی بە زمانی کوردی گوتۆتەوە. هەر وەک لەم لینکەدا دەبینرێت:

https://www.youtube.com/watch?v=rPcGWx_jitc

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



**هونەرمەند ئاراس کەریم صالْح**


لە دایک بووی شاری سلێمانی 1961 گەڕەکی چوارباغ، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە هەر لە سەرەتای ژیانی لاوێتیەوە تێکەڵاوی ژیانی هونەری بووە، سەرەتا دەستی کردوە بە نیگار کێشان، بە شێوەیەکی ساکار.

هونەرمەند کاریگەری زۆری هونەرمەندی جیهانی ڤنسینت ڤان کوخ لەسە ر ئەبێت و لە تەمەنێکی منالێدا دەچێتە ناو خەیاڵی فانتزیای هونەر و وێنە کێشانەوە.

لە ساڵانی 1977 ەوە تا ئێستا بەردەوامە لە بەخششی هونەری. هونەرمەندان کامل ئەحمەد و لالۆ عەبدە تا ساڵی 1980، مامۆستای لە سەنتەری لاوان مامۆستای بوون. کارەکانی هونەرمەند ڕەنگدانەوەی جوانی سروشتی کوردستانە و ڕەنگەکانی بریتین لە ڕەنگی هەتاو و سەوزایی، لە هەمان کاتدا و بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری ژیانی بەدبەختی و کارەساتە یەک لە دوای یەکی نەتەوەکەی بەدی دەکریت لە تابلۆکانیدا..

لە ساڵانی 1994 هەتا ئێستا لە هۆڵەندە ئەژی و بە چەندین پێشانگای هونەری تایبەتی و پێشانگای بە کۆمەڵ لە وڵاتانی هۆڵەندا، فەڕەنسا، نەمسا، ئەڵمانیا و ئینگلتەرا بەشداری کردووە.






# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاوئەبێتەوە

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807